زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# ڕێبەری نووسینی نامەکانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا

ئەم ڕێبەرە بۆ سوودی قوتابیانی خوێندنی باڵا و مامۆستا و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرەکانی خوێندنی باڵا و سەرکردە ئەکادیمیەکان نوسراوە بۆ ئەوەی بە پێی ڕێنماییەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر نامە و تێزەکانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرای پێ بنوسن. هەبوونی هەر کەموکورتییەك لە هەر لایەنێکی بچووك لەم ڕێنماییانە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پێدانی بڕوانامەکە و دووبارە نووسینەوەی نامەکە. ئەم ڕێنماییانە بەسەر هەموو پسپۆڕییەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر جێبەجێ دەکرێن و بەسەر هەموو نامە و تێزەکان جێبەجێ دەکرێن بە هەر زمانێك نووسرابن. ناواخنی نامە و تێزەکانی خوێندنی باڵا بیروڕای قوتابیان و سەرپەرشتیارەکانیان دەردەبڕێت و ئەوان لێپسراوەتی هەڵدەگرن . بەشی زانستی لە کۆلێژ بە نووسراوی فەرمی نامە و تێزەکان دەنێرێت بۆ هەڵسەنگێنەری زمانەوانی و زانستی.

ووشەکانی نامە و تێز بەرامبەر عەرەبی و ئینگلیزی بەم شێوەیە بەکار دێن :

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی | کوردی |
|---|---|---|---|
| Higher Diploma Thesis | رسالة الدبلوم العالي | نامەی دبلۆمی باڵا | نامەی دبلۆمی باڵا |
| Thesis | رسالە ماجستیر | نامەی ماستەر | ماستەر نامە |
| Dissertation | اطروحة دکتورا | تێزی دکتۆرا | دکتۆرا نامە |

## 1. بنەما سەرەکیەکان:

نامە و تێزەکانی خوێندنی باڵا لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت :

أ- بەشی بەراییەکان : ئەم لاپەڕانەی خوارەوە دەگرێتەوە بە پێی ڕیزبەندیان :

1) ناونیشان
2) بەڵێننامەی قوتابی
3) ناو و واژووی سەرپەرشتیار و بەرپرسی خوێندنی باڵا و سەرۆك بەش
4) بڕیار و ناو و واژووی لیژنەی گفتوگۆ و ڕاگری کۆلێژ
5) پێشکەش
6) سوپاس و پێزانین
7) پوختە

8) **لیستی ناوەرۆك**

9) **لیستی وێنە و نەخشەكان**

10) **لیستی خشتەكان**

11) **لیستی كورتكراوەكان ( ئەگەر هەبێت )**

**ب- بەشی ناوەخن : لەم بەشانە پێكدێت ( مەرج نیە بەشەكان بە هەمان ئەو ڕێزبەندیەی خوارەوە ڕیز بكرێن و بەشە زانستیەكان سەر پشكن لە چۆنیەتی ڕیزكرتنیان ):**

i. **بەشی یەكەم : پێشەكیەك بۆ بابەت و توێژینەوەكە** ( Introduction )

ii. **بەشی دووەم : بەسەرداچوونەوەی كارەكانی پێشوو و پێشینەی تیۆری**

(Literature Review and Theoretical Background)

iii. **بەشی سێیەم : میتۆد و هەنگاوەمانی توێژینەوە , دیزاینی توژینەوە**

(Methodology, Research Design, Materials and Methods)

iv. **بەشی چوارەم : جێبەجێكردن , ئە نجام و لێكدانەوە**

(Implementation, Results and Discussion)

v. **بەشی پێنجەم : دەرە نجامەكان , پێشنیار بۆ لایەنی سودمەند لە تۆژینەوەكە , پێشنیار بۆ فراوانكردنی تۆژینەوەكە و كاری ئایندە**

(Conclusions, Recommendations and Future Works)

**<u>تێبینی</u> :لە تێزی دكتۆرا دەكرێت بەشێكی تر زیاد بكرێت ئەگەر تۆژینەوەكە ئەوە بخوازێت.**

**ج- بەشی كۆتایی: لەم دیكۆمێنتانە پێك دێت:**

i. **تێبینیەكان** (Notes) ( **ئەگەر هەبێت** )

ii. **سەرچاوەكان** (References and Biography)

iii. **پاشكۆكان** (Appendices) ( **ئەگەر هەبێت** )

iv. **كورتەیەك بە زمانی كوردی بۆ ئەو تۆژینەوانەی بە زمانێكی تر جگە لە كوردی نووسراون**

(Kurdish Summary- for non Kurdish Thesis and Dissertations)

V. **كورتەیەك بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو تۆژینەوانەی بە زمانێكی تر جگە لە ئینگلیزی نووسراون**

( English Summary- for non English Thesis and Dissertations )

2. **کاغەز:**

**ئەو کاغەزەی تۆژینەوەکەی لەسەر چاپ دەکرێت پێویستە جۆرێکی باش بێت، ڕەنگی سپی بێت، هێڵدار نەبێت، بریقەدار نەبێت، کوندار نەبێت، قەبارەی ( $A_4$ ) بێت، بارستایی ( 80 ) گرام کەمتر نەبێت، ڕێژەی لۆکە تێدا لە 25% کەمتر نەبێت، قوتابی بێویستە نوسخە بەراییەکانی ( بەر لە گفتوگۆ ) لەسەر یەك ڕووی کاغەزەکە چاپ بکات. بەڵام قوتابی سەرپشکە لە نوسخە کۆتاییەکان ( دوای گفتوگۆ ) لەسەر یەك ڕوو یان هەردوو ڕووی کاغەزەکە چاپی بکات.**

3. **ژمارەی نوسخەکان ( کۆپیەکان ):**

**پێوستە قوتابی ( 10 ) کۆپی ( نوسخە ) کۆتایی ( دوای گفتوگۆ ) پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بکات بەر لەوەی فەرمانی زانکۆی پێدانی بڕوانامەکەی بۆ دەربچێت. ئەم کۆپیانە دەبن بە موڵکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر کەوا بۆ کتێبخانەکانی بەش و کۆلێژ و ناوەندی و چەند زانکۆیەکی کوردستانی و دەرەوە دەیاننێرێت.**

**ئەم کۆپیانە پێوستە بەرگی چەرم کرابن، پێویستە ڕەنگی سۆری تۆخ ( مارۆنی ) بۆ پسپۆریە زانستیەکان و ڕەنگی نیلی ( شینی تۆخ ) بۆ پسپۆریەکانی تر بەکاربهێنرێت .**

**هەروەها پێویستە قوتابی کۆپیەکی ئەلیکترۆنی بە فۆرماتی (PDF) لەسەر سی دی پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بکات و لە ماڵپەڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بڵاوبکرێتەوە بەر لەوەی فەرمانی زانکۆیی بۆ دەربچێت.**

4. **پەراوێزی لاپەرەکان (Margins):**

**پەراوێزی لاپەرەکان پێویستە بەم شێوەیە بن :**

| Margins | پەراوێز | جۆری پەراوێز |
|---|---|---|
| Left | 2.5 سم | پەراوێزی چەپ |
| Right | 2.5 سم | پەراوێزی ڕاست |
| Top | 2.5 سم | پەراوێزی ژوور ( سەرەوە ) |
| Bottom | 2.5 سم | پەراوێزی ژێر ( خوارەوە ) |
| Header | 1 سم ( ئەگەر هەبێ ) | سەرنووس |
| Footer | 1.25 سم ( ئەگەر هەبێ ) | ژێرنووس |
| Gutter | 0.5 سم ( ڕاست یان چەپ بە گوێرەی زمانی تۆژینەوەکە ) | شوێنی بەستن ( دوورمان ) |

**پێویستە وێنە و نەخشە و خشتەکان و ژمارەی لاپەڕەکان لەنێو چوارچێوەی ئەم پەراوێزانە دابن.**

### 5. بۆشایی نێوان دێڕەكان و وێنەكان:

سەبارەت بە تێكستی ناواخن و پوختە, بۆشایی نێوان دێڕەكان 1.5 خاڵ دەبێت (1.5 pt) بەڵام پەراوێز و تێبینیەكان و پەرەگرافی وەرگیراو و نووسینی ناو خشتەكان و ناونیشانی نەخشە و وێنەكان و سەرنووسەر و ژێرنووس 1یەك خاڵ دەبێت .

بەر لە ناونیشانی لاوەكی و دوای ناونیشانی لاوەكی دێڕێكی بەتاڵ بەجێ دەهێڵدرێت. لە پێش و لە پاش وێنە و خشتە و نەخشەكان دوو دێڕی بەتاڵ بەجێ دەهێڵدرێت .

لە سەرەتای پەرەگرافدا, یان بۆشاییەك (Tab) جێدەهێلدرێت یان دێرێك لە نێوان پەرەگراف و پەرەگراف جێدەهێلدرێت .

### 6. ژمارەلێدان:

هەموو پەڕەكانی نامە و تێزەكە پێویستە ژمارەیان لێبدرێت. بۆ نامە و تێز بە زمانی كوردی یان عەرەبی یان ئینگلیزی ژمارەكان پێویستە تەنها بەشێوازی ئینگلیزی (لە پرۆگرامەكانی كۆمپیوتەر پێی دەگوترێت عەرەبی ( Arabic Numeral ) بنووسرێن ( بەم جۆرە : .....1,2,3 ) ژمارەكان لە ناوەراستی خوارەوەی لا پەڕە دەنووسرێت.

لا پەڕەكانی بەرایی پێوستە بە رێنووسی رۆمانی بنوسرێن بەم شێوەی خوارەوە :

لا پەڕەی ناونیشانی ناوەوە ( لا پەڕەی یەكەمە بەلام ژمارەكەی دانـاندرێت )

I. بەڵێننامەی قوتابی

II. بەڵێننامەی هەڵسەگێنەری زمانەوانی

III. ناو و واژووی سەرپەرشتیار و بەرپرسی خوێندنی بـالا و سەرۆك بەش

IV. بریار و ناو و واژووی لیژنەی گفتوگۆ و راگری كۆلیژ

V. پێشكەش

VI. سوپاس و پێزانین

VII. پوختە

VIII. ناوەرۆك

IX. لیستی وێنە و نەخشەكان

X. لیستی خشتەكان

XI. لیستی كورتكراوەكان

**لاپەڕەکانی کۆتایی بەم شێوازانەی خوارەوە ژمارەیان بۆ دادەنرێت :**

**تێبینیەکان** $N_1, N_2, N_3,\ldots$

**سەرچاوەکان** $R_1, R_2, R_3,\ldots$

**پاشکۆکان** $A_1, A_2, A_3 ,\ldots$

**پوختە بە زمانی دووەم جگە لە زمانی نامەکە یان تێزەکە بەشێك لە نامەکە هەژمار ناکرێت و ژمارەی بۆ دانانرێت .**

**نامەو تێزێك بەم شێوازانە ژمارەیان بۆ دانەنرابێت, لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا وەرناگیردرێت و دەبێتە هۆی دواکەوتنی پێدانی بڕوانامەکە.**

7. **پیت و فۆنتەکان:**

**بۆ نامە و تێزە ئینگلیزیەکان:**

**فۆنتی گونجاو بریتیە لە (** Arial **و** Times New Roman **) بە مەرجێ لار (** Italy **) نەبێت , تێکەڵ (** Script **) نەبێت , هێلی بە ژێردا نەهاتبێت (** Underline **). هەر فۆنتێك هەڵبژێردرێت پێویستە هەموو ناواخنی (** Body **) نامەکەی ( تێزەکەی ) پێ بنووسرێتەوە .**

**قەبارەی فۆنتەکە پێویستە بەم جۆرە بێت :**

**تێکستەکان** 14 **خاڵ** (14 point)

**ناونیشانەکان** 14 **خاڵ , تۆخ , پیتی گەورە** (14 point, bold, upper case)

**ناونیشانە لاوەکیەکان** 14 **خاڵ , تۆخ , پیتی سەرەتای ووشەکان پیتی گەورە بن** (14 point, bold, words initial upper case only)

**ناونیشانی بەشەکان ( چاپتەرەکان )** 16 **خاڵ , تۆخ , پیتی گەورە (** 16 point, bold, upper case **) دەکرێت لەکاتی خواستنی پەرەگرافێك یان تێکستێك بە زمانێکی تر شێوازی لار** (Italic) **بەکاربهێنرێت .**

**فۆنتی بەکارهاتوو بۆ پاشکۆکان , نەخشەکان , خشتەکان , وێنەکان دەکرێت جیاواز بێت لە فۆنتی ناواخنی دەقەکان . تەنها رەنگی رەش ریگە پێدراوە بۆ چاپکردنی نامە و تێزەکان .**

**لاپەڕەی ناونیشان و بەرگ وەکو لە نموونەی پاشکۆی ئەم رێنماییەدا هاتووە دەنووسرێت .**

**بۆ نامە و تێزە کوردییەکان:**

**تەنها فۆنتەکانی یونیکۆد** (Unicode) **رێگا پێدراوە ( لە ویندۆزی** 8 **لە ژێر ناوی** Central Kurdish **هەیە ).**

**فۆنتەکانی** (unikurd goran, unikurd diyako , unikurd jino) **بە گونجاو دەزانرێت .**

**هەر فۆنتێك هەڵبژێردێت پێویستە هەموو ناواخنی ( دەقی ) نامەکەی ( تێزەکەی ) پێ بنوسرێتەوە .**

**قەبارەی فۆنتەکان پێویستە بەم جۆرە بێت :**

**تێکستەکان** 14 **خاڵ** ( 14 point )

**ناونیشانەکان** 14 **خاڵ , تۆخ** ( 14 point, bold )

**ناونیشانە لاوەکیەکان** 14**خاڵ , تۆخ** ( 14 point, bold )

**ناونیشانی بەشەکان ( چاپتەرەکان )** 16**خاڵ , تۆخ** ( 14 point, bold )

**دەکرێت لە کاتی خواستنی پەرە گرافێك یان تێکستێك بە زمانێکی تر شێوازی لار** (Italic) **بەکاربهێنرێت یان هێلی بەژێر دابهێندرێت .**

**فۆنتی بەکارهاتوو بۆ پاشکۆکان , نەخشەکان , خشتەکان , وێنەکان دەکرێت جیاواز بێت لە فۆنتی ناواخنی دەقەکان .**

**تەنها رەنگی رەش رێگا پێدراوە بۆ چاپکردنی نامە و تێزەکان .**

**لاپەرەی ناونیشان و بەرگ وەکو لە نموونەی پاشکۆی ئەم رێنماییەدا هاتووە دەنووسرێت .**

**بۆ نامە و تێزە عەرەبیەکان:**

**تەنها فۆنتەکانی** Ali **رێگایان پێدراوە . لەم فۆنتانەش , فۆنتی** Ali- A-Traditional **بە گونجاو دەزاندرێت .**

**هەر فۆنتێك هەڵبژێردرێت پێوستە هەموو ناواخنی ( دەقی ) نامەکەی ( تێزەکەی ) پێ بنوسرێتەوە .**

**قەبارەی فۆنتەکان پێویستە بەم جۆرە بێت :**

**تێکستەکان** 14 **خاڵ** ( 14 point )

**ناونیشانەکان** 14 **خاڵ , تۆخ** ( 14 point, bold )

**ناونیشانە لاوەکیەکان** 14**خاڵ , تۆخ** ( 14 point, bold only )

**ناونیشانی بەشەکان ( چاپتەرەکان )** 16 **خاڵ , تۆخ** ( 14 point, bold )

**دەکرێت لە کاتی خواستنی پەرە گرافێك یان تێکستێك بە زمانێکی تر شێوازی لار** (Italic) **بەکاربهێندرێت یان هێلی بەژێر دابهێندرێت .**

**فۆنتی بەکارهاتوو بۆ پاشکۆکان , نەخشەکان , خشتەکان , وێنەکان دەکرێت جیاواز بێت لە فۆنتی ناواخنی دەقەکان .**

**تەنها رەنگی رەش رێگا پێدراوە بۆ چاپکردنی نامە و تێزەکان .**

**لاپەرەی ناونیشان و بەرگ وەکو لە نموونەی پاشکۆی ئەم رێنماییەدا هاتووە دەنووسرێت .**

8. **وێنەو نیگار و خشتەکان:**

**پێویستە هەموو نیگار و وێنە و خشتەکان لە رووبەری تەرخانکراو بۆ نووسین دەرنەچن. ئەگەر وێنەیەك یان خشتەیەك بە شێوازی دیمەنی** ( Landscape) **داندرا پێویستە لای سەرەوەی وێنەکە رووی لەلای کەعب ( دروومان , کەبسکردن ) بێت** .

هەموو نیگار و وێنە و خشتەکان پێویستە ناونیشانیان هەبێت و ژمارەیان بۆ دابندرێت .

ژمارە و ناونیشانی وێنەکان لە ژێر وێنەکان دەنووسرێت و لە ناوەراستدا دادەنرێت .

ژمارە و ناونیشانی شتەکان لەسەرەوە دەنووسرێت و لە ناوەراستدا دادەنرێت .

پێویستە ژمارەی چاپتەرەکە لەگەڵ ژمارەی وێنە و نیگار و خشتەکان دابنرێت.

نموونە:




**وێنەی 3-1 دابەشی دانیشتوان لە بەشەکاندا**

Fig. 3-1 Distribution of study population to departments

**خشتەی 3-1 دابەشی دانیشتوان لە لێکۆلینەوەکە**

Table 3-1 Distribution of the population of the study

| No. | Department | No. of Samples |
|---|---|---|
| 1 | Civil Engineering | 116 |
| 2 | Electrical Engineering | 89 |
| 3 | Mechanical Engineering | 104 |
| 4 | Software Engineering | 14 |

## 9. هاوكێشەكان :

هاوكێشە پێویستە بەپیتی ئینگلیزی بنووسرێت گرنگ نیە زمانی نامەكە ئینگلیزی بێت یان هەر زمانێكی تر. ئەپلیكەیشنی ( Equation Editor ) پێویستە بەكاربهێنرێت بۆ نووسینی هاوكێشەكان. هاوكێشەكان پێویستە سەر لە نوێ بنوسرێنەوە نەك كۆپی بكرێن لە سەرچاوەكان. پێویستە ژمارەی چاپتەر لەگەڵ ژمارەی هاوكێشە دابنرێت بەم شێوەیە :

$$2.1 f(x) = a_0 + \sum_{n=1}^{\infty} \left( a_n \cos\frac{n\pi x}{L} + b_n \sin\frac{n\pi x}{L} \right) \ldots\ldots\ldots\ldots\ldots\ldots\ldots$$

## 10.سەرچاوەكان و پەراوێزەكان:

سەرچاوە بەشێكی هەرە گرنگی نامە و تێزی ئەكادیمیایە. سەرچاوە بریتیە لەو شوێنەی زانیاری لێ وەرگیراوە. پێویستە لیستی سەرچاوەكان لەدواوەی دەقی نامە ( تێزەكە ) و بەر لە پاشكۆكان دابنرێت .

پێویستە سیستەمی سەرچاوە نووسینی هارڤارد بەكاربهێندرێت . بۆشارەزایی لە سیستەمی هارڤارد بۆ نووسینی سەرچاوە لە ناو ئینتەرنێت لەم فرێزە بگەڕێ( Harvard Referencing Style ) دەیان سەرچاوە دەردەكەون بە درێژی باسی سیستەمی هارڤارد دەكەن .

چەند نموونەیەكی سەرەچاوە نووسین بە سیستەمی هارڤارد :

بۆ نموونە ئەگەر دۆكیۆمێنتێك لەلایەن توێژەر كۆهین لە ساڵی 1971 بڵاوكرابێتەوە, لەلاپەرە 72 تێیدا هاتبێت ( زمانی دایك سەرچاوەی داهێنانی منداڵە ), ئەگەر ئەم نووسراوە بخوازرێت و لە نامەیەك یان تێزێك بەكاربهێندرێت ئەوا بە یەكێك لەم دوو شێوەیەی خوارەوە لەناو تێكستەكەدا ئاماژەی پێدەكرێت :

زمانی دایك سەرچاوەی داهێنانی منداڵە ( كۆهین , 1971, ل 72 )

یان

كۆهین ( 1971 ) رای وایە ( زمانی دایك سەرچاوەی داهێنانی منداڵە )

گۆڤاری ئەكادیمی لەناو ناواخنی نامە و تێزی خوێندنی باڵا بەم جۆرە ئاماژەی پێدەكرێت :

Trefts and Blacksee (2000) argue that....

“Quotation” (Trefts and Blacksee, 2000, p.376)

لە لیستی سەرچاوەكانیش گۆڤاری ئەكادیمی بەم جۆرە دەنوسرێت.

TREFTS, K. & BLACKSEE, S. (2000) Did you hear the one about Boolean Operators? Incorporating comedy into the library induction. *Reference Services Review*. 28 (4). p.369-378.

**گۆڤاری ئەکادیمی ئۆنلاین ( ئینتەرنێت ) لە لیستی سەرچاوەکان بەم جۆرە دەنووسرێت :**

WILSON, J. (1995) Enter the Cyberpunk librarian: future directions in cyberspace. *Library Review*. [Online] Emerald Database 44 (8). p.63-72. Available from: http://www.emeraldinsight.com. [Accessed: 30th January 2012].

**کتێب لە ناو دقدا بەم جۆرە ئاماژەی پێدەکرێت :**

Bradbury, Boyle and Morse (2002)...

**یان**

As noted by Bradbury, Boyle and Morse (2002)

**یان**

“Quotation” (Bradbury, Boyle and Morse, 2002, p.51)

**کتێب لە لیستی سەرچاوەکان بەم جۆرە دەنووسرێت:**

BRADBURY, I., BOYLE, J. and MORSE, A. (2002) *Scientific Principles for Physical Geographers*. Harlow: Prentice Hall.

**د. کەمال مەزهەر .( 1982 ) مێژوو. دەزگای رۆشنبیری کوردی.**

**<u>تێبینی و پەراوێز</u>**

**لە هەندێ زانستی وەك زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان, جگە لە لیستی سەرچاوەکان, پەراوێز و تێبینیش بەکاردەهێنرێت. ئەم پەراوێزانە جێگای سەرچاوەکان ناگرنەوە و پێویستە لیستی سەرچاوەکان لە دواوەی نامەکە (تێزەکە) هەر هەبێ . پەراوێزەکان بە یەکێك لەم شێوازانە دەنووسرێت :**

- **لە دامێنی لاپەڕەدا, بۆ هەر لاپەڕەیەك ژمارە یان نیشانەکە سەر لە نوێ دەستپێدەکاتەوە.**
- **لە کۆتایی هەر بەشێك, ژمارەکان لە سەرەتای هەر بەشێك سەر لە نوێ دەستپێدەکاتەوە.**

## 11.<u>قەبارەی نامە و تێزەکان:</u>

**پێویستە قەبارەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا لەم قەبارە دیاریکراوانە تێنە پەڕێت (بۆ ئەو لاپەڕانەی ژمارەیان بۆ دانراوە)**

.

| پسپۆڕیی | سنووری ئەوپەڕی بۆ نامەی دبلۆمی باڵا | سنووری ئەوپەڕی بۆ نامەی ماستەر | سنووری ئەوپەڕی بۆ تێزی دکتۆرا |
|---|---|---|---|
| زانستی | 100 لاپەڕە | 120 لاپەڕە | 200 لاپەڕە |
| مرۆڤایەتی | 120 لاپەڕە | 150 لاپەڕە | 300 لاپەڕە |

**تێبینی : لاپەرە پێویستە 27 دێڕ بە فۆرماتی ئەم رێنماییانە لە خۆ بگرێت .**

دەکرێت لەبری ژمارەی لاپەڕە, ژمارەی ووشە هەژمار بکرێت ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

| پسپۆری | سنووری ئەوپەڕی بۆ نامەی دبلۆمی باڵا | سنووری ئەوپەڕی بۆ نامەی ماستەر | سنووری ئەوپەڕی بۆ تێزی دکتۆرا |
|---|---|---|---|
| زانستی | 26000 ووشە | 32000 ووشە | 54000 ووشە |
| مرۆڤایەتی | 32000 ووشە | 40000 ووشە | 81000 ووشە |

## 12. پوختە بەزمانی دووەم:

1- پێویستە بۆ هەموو ئەو نامە و تێزانەی بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی نووسراون لاپەرەی ناونیشان بە زمانی کوردی هەبێت. هەروەها پوختەیەکی بە زمانی کوردی لەگەڵ بێت کەوا ژمارەی بۆ دادەنرێت. پوختەکە لە وەرگێرانی کورتەی ئینگلیزیەکە و باسکردنی یەکە بە یەکەی بەش و چاپتەرەکان و پێشنیار و دەرەنجامەکانی نامەکە ( تێزەکە ) پێکدێت و پوختەی کوردیەکە لە 3 لاپەڕە زیاتر نەبێت.

2- پێویستە بۆ هەموو نامە و تێزەکانی بەزمانی کوردی یان عەرەبی نووسراون لاپەڕەی ناونیشان بەزمانی ئینگلیزی هەبێت. هەروەها پوختەیەکی بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ بێت کەوا ژمارەی بۆ دادەنرێت. پوختەکە لە وەرگێرانی کورتەی کوردیەکە یان ( عەرەبیەکە ) و باسکردنی یەکە بەیەکەی بەش و چاپتەرەکان و پێشنیار و دەرەنجامەکانی نامەکە ( تێزەکە ) پێکدێت. پوختەی ئیگلیزیەکە لە 3 لاپەڕە زیاتر نەبێت.

# نموونەی لاپەڕەکان

**Title, 20pt. , Arial or Times New Roman**

A Thesis / Dissertation

Submitted to the Council of the College of ………at Erbil Polytechnic University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Higher Diploma in …………Master of ……… / Doctor of Philosophy in…………

By

Student Name, 18pt.

B.Sc. Department Name

M.Sc. Major Field

Supervised by

Academic Rank Supervisor Name

Erbil, Kurdistan

July 2015

# DECLARATION

I declare that the Higher Diploma Thesis / Master Thesis / PhD. Dissertation entitled: Title of Thesis / Dissertation is my own original work, and hereby I certify that unless stated, all work contained within this thesis / dissertation is my own independent research and has not been submitted for the award of any other degree at any institution, except where due acknowledgment is made in the text.

Signature:

Student Name:

Date:

## SUPERVISOR CERTIFICATE

This thesis/dissertation has been written under my supervision and has been submitted for the award of the degree of Higher Diploma in……….Master of ………. / Doctor of Philosophy in……….with my approval as supervisor. .

Signature
Name

Date

**I confirm that all requirements have been fulfilled.**

Signature:

Name:

Head of the Department of………

Date:

**I confirm that all requirements have been fulfilled.**

Postgraduate Office

Signature:

Name:

Date:

## Examining Committee Certification

We certify that we have read this thesis / Dissertation: Thesis / Dissertation Title and as an examining committee examined the student (Student Name) in its content and what related to it. We approve that it meets the standards of a thesis / dissertation for the degree of Higher Diploma in……….Master of……………. / Doctor of Philosophy in ……………………

Signature:
Name: Dr. Full Name
Member
Date:

Signature:
Name: Assist. Professor Full Name
Member
Date:

Signature :
Name: Assist. Professor. Dr. Full Name
Supervisor
Date:

Signature
Name: Assist. Professor Full Name
Chairman
Date:

Signature
Name: Assist. Professor Dr. Full Name
Dean of the College of ………….
Date:

# ناونیشانی نامەکە ( تێزەکە) , قەبارەی فۆنت 20 خاڵ

نامەیەکە (تێزێکە)

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ........... کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی

هەولێر وەکو بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی دبلۆمی باڵا /

ماستەر / دکتۆرای فەلسەفە

لە ..............

لەلایەن

**ناوی تەواوی قوتابی**

بەکالۆریۆس لە ..........

ماستەر لە ..............

بەسەرپەرشتیاری

**پ.ی.د. ناوی سەرپەرشتیار**

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەر نامەیە ( تێزی دکتۆرایە) ناونیشانەکەی بریتیە لە ………. هەمووی کاری رەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئامازەم پێکردووە, هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بلاۆم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەگ شتێکم وەرگرتبێت ئامازەم بە سەرچاوەکەی کردووە .

واژوو :

ناوی قوتابی:

رێکەوت:

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

**ئەم نامەیە (تێزە) لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادە کراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا / ماستەر / دکتۆرای فەلسەفە لە پسپۆڕیی .......... من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.**

ناو ______________________ واژوو ______________________

ڕێکەوت ______________________

**پشتگیری دەکەم هەموو پێداویستیەکان جێبە جێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار, من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ .**

**واژوو:**............................

**ناو:**...............................

**سەرۆکی بەشی**..................

**ڕێکەوت:**............................

**پشتگیری دەکەم هەموو پێداویستیەکان جێبە جێکراوە, بۆیە من ڕازیم ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.**

**بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ**

**واژوو:**............................

**ناو:**...............................

**ڕێکەوت :**............................

## بریاری لیژنەی تاقیکردنەوە

**ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە, ئەو نامەیەی دبلۆمی باڵامان / ماستەرنامەیەمان / تێزی دکتۆرایەمان ناونیشانی بریتی بوو لە (..........) خوێندەوە و قوتابییەکەمان ناوی (..........) بوو, لە ناوەڕۆکەکەی تاقی کردەوە. ئێمە بریاردەدەین پێداویستیەکانی بروانامەی دبلۆمی باڵا / ماستەر / دکتۆرای لە پسپۆریی .......... تێدایە .**

| | |
|---|---|
| **واژ وو:** | **واژ وو:** |
| **ناو:** | **ناو:** |
| **ئەندام** | **ئەندام** |
| **ڕێکەوت:** | **ڕێکەوت:** |
| | |
| **واژوو:** | **واژوو:** |
| **ناو:** | **ناو:** |
| **ئەندام** | **سەرۆکی لیژنە** |
| **ڕێکەوت:** | **ڕێکەوت:** |

**واژوو:**

**ناو:**

**ڕاگری کۆلێژ.......**

**ڕێکەوت:**

زانكۆى پۆليتەكنيكى هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# عنوان الرسالة ( الاطروحة ) , حجم الحروف 20 نقطة

**رسالة**

**مقدمة الى مجلس كلية...........فى الجامعة التقنية-أربيل وهي جزء من متطلبات نيل درجة الدبلوم العالي / الماجستير / الدكتوراه في اختصاص............ .**

**من قبل**

**اسم الطالب ( الطالبة )**

**ماجستير / بكالوريوس في ............**

**باشراف**

**ا.م.د.اسم المشرف ( المشرفة )**

**تموز** 2015

# تعهد

**أتعهد بان هذه الرسالة ( الاطروحة ) الموسومة ب.................قد تم ا نجازها و كتابتها من قبلي بشكل كامل, و ان الكتابة و النتائج هي من خالص عملي و جهدي الشخصي و لم انشرها من قبل و لم اقدمها لاي جهة من قبل لنيل درجة علمية. اتعهد بانني ذكرت المصادر بشكل امين اينما اقتبست .**

**التوقيع :**

**اسم الطالب /الطالبة :**

**التاريخ :**

# تـأييد و موافقة المشرف

**اؤيد بـان هذه الرسـالة / الاطروحة قد انجزت و كتبت تحت اشرافي وانـا اوافق بـان تقدم بشكلها الحالي للمناقشة لنيل درجة الدبلوم العالي / الماجستير/ الدكتوراه في اختصاص...............**

الاسم ______________________ التوقيع ______________________

التاريخ ______________________

**اؤيد بـان الطالب/الطالبة قد انجز/ت كافة المتطلبات المطلوبة و لوجود التوصيات الضرورية, اقدم هذه الرسالة (الاطروحة) للمناقشة .**

التوقيع................

الاسم ................

رئيس قسم ............

التاريخ ...............

**اؤيد بـان الطالب / الطالبة قد انجز/ت كافة المتطلبات المطلوبة لذا اوافق على تقديمها للمناقشة .**

**مسؤول الدراسات العليا في الكلية**

التوقيع................

الاسم ................

التاريخ ...............

# قرار لجنة المناقشة

**نحن لجنة مناقشة طالب/طالبة الدبلوم العالي / الماجستير / الدكتوراه............., ناقشنا الطالب/ الطالبة عن الرسالة/الاطروحة الموسومة ............, و نحن نقرر بان الرسالة (الاطروحة ) تستوفي متطلبات درجة الدبلوم العالي / الماجستير/ الدكتوراه في اختصاص ............. .**

| | |
|---|---|
| **التوقيع:** | **التوقيع:** |
| **الاسم:** | **الاسم:** |
| **عضو** | **عضو** |
| **التاريخ:** | **التاريخ:** |

| | |
|---|---|
| **التوقيع:** | **التوقيع:** |
| **الاسم:** | **الاسم:** |
| **رئيس اللجنة** | **المشرف** |
| **التاريخ:** | **التاريخ:** |

**التوقيع:**

**الاسم:**

**عميد كلية**...........

**التاريخ:**